خودایە گۆڕەکەم نەکرێت بە بتێک

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «خودایە گۆڕەکەم نەکرێت بە بتێک -کە بپەرسترێت-، خوای گەورە نەفرەتی کردووە لە کەسانێک گۆڕی پێغەمبەرەکانیان کرد بە مزگەوت».

[سەحیح - ڕاست)] [(أحمد) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پاڕایەوە لە پەروەردگاری بەوەی گۆڕەکەی وەکو بتی لێ نەیەت کە خەڵکی بپەرستێت و بەمەزنی دابنرێت، وڕووی لێبکرێت بە سوجدە بردن، پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوەی کرد کە خوای گەورە توڕە بووە لە کەسانێک ولە ڕەحمەتی خۆی دووری خستەوە چونکە گۆڕی پێغەمبەرەکانیان کرد بە مزگەوت -شوێنی پەرستن- وديواريان لەسەر دروستکرد، چونکە کردنی گۆڕی پێغەمبەران وپیاوچاکان بە مزگەوت هۆکارە بۆ پەرستنیان وباوەڕبوون پێیان.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3336